# مەرگی ناسری

بۆ یادی پێشەوا قازی محەممەد

1 ."مرگ ناصری" شیعرێکی ئەحمەد شاملوو شاعیری پێشکەوتنخوازی ئێرانییە. 'ناصری'، هەمان عیسای مەسیحە کە لە 'بیت اللحم' ی ناوچەی 'ناصریە' لە دایک بوو؛. بەو بۆنەیەوە هەندێک جار عیسا بە ناصری ناو دەبرێت و شاملووش لەم شیعرەدا هەروای خیتاب دەکات. ناصری، بە گوێرەی تەسویری شیعرەکە، خاچێکی درێژی دارین بە کۆڵەوە، لە گردی 'جولجوتا' دەچێتە سەر بۆ ئەوەی بە حوکمی حاکمی شار، لەوێ بە هەمان خاچەوە بزمارکوت بکرێت وبکووژرێت.

2 . ماوەی چەند ساڵێکە لێرە ولەوێ دەگوترێت بۆچی پێشەوا قازی محەممەد دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و پێش گەڕانەوەی سوپای ئێران، شاری مەهابادی بەجێ نەهێشت و نەچووە شاخی، یان بۆچی لەگەڵ بارزانییەکان نەکەوت و نەپەڕیەوە بەری خاکی سۆڤیەت؟ یان ئەو، کە دەیزانی دوژمن بە سەریەوە ناچێت و چارەنووسی ڕێبەرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجانی دیتبوو، بۆچی لە مەهاباد مایەوە و خۆی بەدەستەوە دا؟

3 . هەودایەک کە ئەو دوو کەسایەتییە جیاوازە واتە عیسای ناسری و قازی محەممەدی مەهابادی بە یەکەوە پەیوەندی بدات، چارەنووسێکە وا تووشی هەردووولایان هات.

من شیعرەکەی شاملووم پێشتر زیاد لە جارێک خوێندبووەوە، بەڵام کاتێ ئەمڕۆ خوێندمەوە، بێ ئیختیار کەوتمە بیری چارەنووسێکی خۆکردی هاوشیوە کە لە هەردوو کەسایەتیدا بەدی دەکرێت.[1] دەڵێم خۆکرد لەبەر ئەو بەشەی شیعرەکە، کە لە زمان ئەلعازرەوە دەگوترێت: *"مگر خود نمی خواست، وگرنه میتوانست"* . ئەوە گیان و ڕۆح و بە تەعبیری کلاسیکەکان، 'شاه بەیت' ی شیعرەکەی شاملووە و ڕوخسارێکە کە شاعیرە ئێرانییەکە لە 'ناصری' دەکێشێتەوە کاتێ کە دەڵێ: *"دیارە خۆی نەیدەویست، دەنا دەیتوانی [لە دەست مردن دەرچێت]"* .

بەشی گەلێک سەرکەوتووی شیعرەکە ئەو کاتەیە وا شاملوو 'ئەلعازر' دەکاتە بینەری ئەو شانۆیەی وا ناصری بەرەو ئیعدام دەبرێت. ئەلعازر یان 'لازار'، هەمان ئەو کەسەیە کە عیسا، بە گوێرەی ئەفسانە ئایینییەکان، زیندووی کردەوە و گەڕاندیەوە سەر ژیان. ئەو، کەسێکە کە بۆ زیندوو بوون و هەناسە کێشانی ئاساییش، قەرزداری عیسایە. پرسیارێک کە دوای خوێندنەوەی ئەمجارەی شیعرەکەی شاملوو هاتە مێشکی منەوە، ئەوەبوو کە ئەگەر ناوی 'ناسری' لە سەر شیعرەکەی شاملوو هەڵبگرین و ناوی 'پێشەوا'ی لێ دابنێین، ئایا ناوەرۆکی شیعرەکە دەگۆڕێت و دژایەتییەک لەگەڵ ڕووداوی عیسا و جولجوتا و حاکمی مووسایی شارەکە، جا ئەفسانە بێت یان واقیع، دێتە ئاراوە؟ بە بۆچوونی من، کاتێ

---

[1]. بۆی هەیە هۆکارەکەی، سەرهەڵدانی پرسیارەکە لە مێشکمدا ئەوە بێت کە مامۆستا حەسەنی قازی لە بەرنامەی ڕاوێژی چەند هەفتە پێش ئێستادا سەبارەت بە نەڕۆیشتنی پێشەوا و خۆ بەدەستەوە دانی، پرسیاری لێکردم و ویستی بۆچوونی من لەوبارەیەوە بزانێت.

ئوستوورە ئایینییەکانی مەسیحیەت و گێڕانەوە مێژووییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەپشکنین، وەڵامی پرسیارەکەمان 'نا' دەبێت!

خاڵی پەیوەندیدەری ئەو دوو چارەنووسە، ئەوەیە کە هەردوو کەسەکە لە ئەنجامی ئەو ڕێچکەیەی وا گرتوویانەتە بەر و ئەو خەباتەی وا بەڕێوەیان بردووە، دڵنیان. دیارە چارەنووسی ئەوان، بە پێوانەی ژیانی ئاسایی مرۆڤی سەرگۆی زەوی، تراژیک بوو، بەڵام هەر ئەو تراژێدی بوونە بوو کە ناویانی کردە 'هەمیشەیی'. گەوهەری ئەو هەمیشەیی بوونە ئەوەیە دەیانتوانی و دەرەتانیان هەبوو لە دەستی هەڵێن، بەڵام ڕایان نەکرد. هەرکام لەو دوو کەسە لە ڕوانگەی تایبەت و بە گوێرەی هەڵوێستی تایبەت، خۆیان ئەسپاردە دەست چارەنووس و لەبەر دەست دوژمندا مانەوە، واتە مەرگ هەڵبژاردنی خۆیان بوو، وەک هەڵبژاردنی 'سوقرات' ی یۆنانیش بوو.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ: ئەگەر ئەوان مردنی ئاساییان بدایەتە دواوە و ملیان بۆ خواستی بکوژەکانیان دابنەواندایە، چ دەبوو؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئەستەم نەبێت: عیسا دەبووە پێغەمبەرێکی ئاسایی لەو ٢٤ هەزارەی کە بە گوێرەی ڕیوایەتە ئیسلامییەکان، بۆ ئیرشادی خەڵک نێرراونەتە سەر زەوی و پێشەواش دەبووە مرۆڤێکی ئاسایی، کە بە شنەی بایەک هەڵوێستی گۆڕیبوو و جگە لە خۆی، بیری لە کەسیتر نەکردبووەوە!

بە کورتی، هۆکاری ئەوەی عیسا بوو بە کوڕی خودا و پێشەوا بووە سەروەری شەهیدانی گەلی کورد، دەبێ لە شتێکدا بدۆزرێتەوە کە ئەو شتە، لە دەرەوەی پێوانە ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤدایە: ئەوان هێزێکیان لە دەروونیاندا دەجۆشا کە لە هەموو کەسدا نییە و نابێت، هێزی باوەڕ! شاملوو ئەو هێزەی بە باشترین شێوە و لە کورتترین ڕستەدا لە زمان ئەلعازرەوە دەربڕیوە: *"دیارە خۆی نەیدەویست، دەنا دەیتوانی!"* لە یەک قسەدا، ئەوان بۆ پاراستنی گیان، دەبوایە پشت بکەنە ئەو بەڵێنانەی وا لە سەردەمی دەستڕۆیشتوویدا بە خەڵکیان دابوو و گاڵتە بەوئامانجانە بکەن وا خەباتیان بۆ کردبوو. ڕەمزی پێشوازی لە مەرگ کردنی ئەوانیش دەبێ ڕاست لەو خاڵە گرنگە و لەو "نا" گوتنەدا بدۆزرێتەوە.

شاملوو بە دەستەقەسد ئەلعازری هێناوەتە ناو شیعرەکەیەوە. ئەلعازر بە ئاشکرا 'دەین' و قەرزی عیسای لە سەرە. ناسپاس و سپڵەش نییە، هەر بۆیە ڕیزی خۆی لە ڕیزی ئاپۆرەی هەرچی پەرچی جیا دەکاتەوە کە هاتوونەتە سەیری ئەو ڕەنجەی وا عیسا دەیکێشێت و دەیانەوێ بینەری ئەو هەیکەلە لاوازەوە بن کە خاچەکەی خۆی ڕادەکێشێت و دەیباتە سەر گردی جولجوتا بۆئەوەی لەوێ بە هەمان خاچەوە هەڵاوەسرێت. بۆیەشە کە شاملوو لە شیعرەکەیدا ئەلعازر ناباتە سەیری ئەو مەنزەرە تراژیکە و لە ئاپۆرەی جیا دەکاتەوە: *"گامزنان راه خود گرفت، دستها در پس مشت بەهم در افکندە..."* هەنگاوی هەڵێنا و دەستی بە مست کردوو لە پشتەوە، ڕێگای خۆی گرتەبەر...

ئەو دوو دەستە لێک گرێ دراوە، نیشانەی بێدەسەڵاتیی حەقیقەتە لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناحەق، نیشانەی هەڵوێستی تاکی پاکە بەرانبەر بە سیستەمی گەندەڵ. ئەلعازری عیسا تاکێکی پاک بوو بەڵام ئەلعازری پێشەوا سەرجەمی نەتەوەیەکە- هەر لە ماکۆوە تا کۆبانێ. لە مەرگی پێشەواشدا ئاپۆرە هەبوون، 'یەهوودای ئیسخەریۆتی'ش هەبوو، ئەو کەسانەی وا بە فیتی دەسەڵات ئیمزایان دژ بەو و هاوڕێکانی کۆکردەوە هەمان یەهوودای ئیسخەریۆتی بوون؛ بەڵام کۆمەڵانی خەڵک ڕیزی خۆیان لەوان جیاکردبووەوە. خەڵکی مەهاباد کاتێ لە بەیانیی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٧ دا لە خەو هەستان و باڵای بەرزی پێشەوایان بە مێزەرە سپییەکەیەوە بە سێدارەوە بینی، هەمان ئەلعازری

شیعرەکەی شاملوو بوون کە ڕێگای خۆیان گرتە بەر و چوارچرایان بەجێ هێشت. ڕۆیشتن تا هەوری دڵتەنگی بڕەوێنن، نەفەس تازە بکەنەوە و ڕێگای پێشەوای لەدەستچوو درێژە پێبدەن. کوردێک کە ئەمڕۆ لە ئامەد و کۆبانێ شەڕ دەکات و دوێنێ لە سەردەشت و سلێمانی بەگژ دوژمندا دەچووەوە، هەمان ئەلعازری پێشەوایە! جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەلعازری عیسا ئەوەیە دەست لە سەر دەست دانانێت و بە دەستەوەستانی تەسلیمی بارودۆخ نابێت.

واهەیە خوێنەر بپرسێت باشە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی – ئایینی دوو هەزارە پێش ئێستا بۆچی لەگەڵ کەسایەتییەکی سیاسی - مێژوویی سەردەمی نوێدا بەراورد دەکرێت؟ یەکەمیان، بە گوێرەی ڕیوایەت و ئەفسانەکانی بەردەستی ئێمە، ژیانی ڕاستەقینەی سەر گۆی زەوی دەکردە خەون و خەیاڵێکی ئایینی و خەڵکی لە واقیعی ژیان دوور دەخستەوە، تەنانەت ئەگەر دوژمن زللەیەکی لێبدایە، لای دیکەی ڕوومەتی ڕادەگرت بۆئەوەی زللەی دیکەی لێبدرێت. بەڵام دووهەمیان، بەپێی بەڵگە و نیشانە مێژووییەکان، خەڵکی خۆی لە ئاسمانی خەیاڵاویی ئایینەوە دەگەڕاندەوە سەر زەوینی واقیع، جل و بەرگی مەلایەتی لەبەر خۆی دادەکەند و بە بەرگی سوپایی و لەشکری پێشمەرگەوە بەگژ دوژمن و داگیرکەردا دەچووەوە.

ڕاستەقینە ئەوەیە ئەو دوو مرۆڤە وەک هەموو مرۆڤێکی دیکەی سەر زەوی لێک جیاواز بوون بەڵام لەگەڵ ئەو جیاواز بوونەشدا هەندێک خاڵی هاوبەش لە کەسایەتییاندا هەبوو کە من پەنجەم ناوەتە سەر ئەو خاڵە هاوبەشانە و بە تایبەت مەرگی تراژیکی هاوشێوەیانم خستۆتە ژێر زەڕڕەبین. ئەو سەرنجدانە و ئەو زەق کردنەوەی یەک بڕگە لە ژیانی دوو کەسەکە، واتای یەکبوون یان هاوشێوەبوونی سەرجەمی کەسایەتییەکەیان ناگەیێنێت، بەڵکوو هەردوکیان لە هەڵبژاردنی نێوان مەرگی سەرفرازانە و ژیانی سەرنەوییانەدا کارێکی هاوبەشیان کرد، هەر ئەوەش ناوەرۆکی ئەم وتارەبوو. لە کۆتاییدا لەبیرمان نەچێت کە لەم وتارەدا مێژوو نەنووسراوەتەوە و بۆچوونەکانیش لە دۆخی شیعرێکی خەیاڵاوی نەچوونەتە دەرەوە.

***

با سەرەتا شیعرەکەی شاملوو بە فارسی بخوێنینەوە، ئینجا وەرگێڕاوە کوردییەی. بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە هەرگیز وەرگێڕێکی باشی شیعر نەبووم، ڕەنگە ئەمانەتدار بووبێتم و زیاد وکەمم نەکردبێتن، بەڵام لە ڕاگواستنی هەستی شاعیر و شیعرییەتی شیعرەکەدا کورتیم هێناوە. بریا کەسێکی شارەزای خۆش زەوق لە جیاتی من ئەو تەرجەمەیەی بکردایە!

**مرگ ناصری**

با آوازی یکدست

یکدست

دنبالەی چوبین بار

در قفایش

خطی سنگین و مرتعش برخاک میکشید

"- تاج خاری بر سرش بگذارید!"

و آواز دراز دنباله بار

در هذیان دردش

یکدست

رشته‌یی آتشین

می رشت.

"- شتاب کن ناصری، شتاب کن!"

از رحمی که در جان خویش یافت

سبک شد

و چونان قویی مغرور

در زلالی خویشتن نگریست

"- تازیانه‌اش بزنید!"

رشته چرم باف

فرود آمد

و ریسمان بی انتهای سرخ

در طول خویش

از گرهی بزرگ

برگذشت

"- شتاب کن ناصری، شتاب کن!"

از صف غوغای تماشاچیان

العازر

گام زنان راه خود گرفت

دستها در پس پشت

به هم درافکنده

و جانش را

از آزار گران دینی گزنده

آزاد یافت

"- مگر خود نمیخواست، وگرنه میتوانست!"

آسمان کوتاه

به سنگینی

بر آواز رو در خاموشی رحم

فرو افتاد

سوگواران

به خاک پشته

برشدند

و خورشید و ماه

بەهم

برآمد.

<u>وەرگێراوی کوردی</u>

**مەرگی ناسری**

به ئاوازێکی هاوشێواز

هاوشێواز،

کلکەی دارینەی بار

له دوایەوە

هێڵێکی قورس و لەرزۆکی

له سەر خاک دەکێشا

"- تاجێکی دڕووی لەسەر بنێن!"

هەرامە، ئاوازی بەرزی کلکەی بار

له وڕێنەی ئازاریدا

هاوشێواز

ڕیسێکی ئاگرینی

دەڕست

"- خێرابە ناسری، خێرابە!"

لە بەزەییەک، کە لە گیانی خۆیدا دۆزییەوە،

سووک بوو و

وەک قوویەکی لەخۆبایی

ڕوانییە زەلاڵییەتی خۆی

"- قەمچی لێدەن!"

ڕیسی لە چەرم چنراو

شۆڕبووەوە و

پەتی بێ بڕانەوەی سوور

لە درێژایی خۆیدا

گرێیەکی گەورەی

تێپەڕ کرد

"- خێرابە ناسری، خێرابە!"

لە ڕیزی ئاپۆرەی بینەرانەوە،

ئەلعازر

هەنگاوی هەڵێنا و ڕێگای خۆی گرتە بەر

دەستان

لە پشتەوە

لێکدراو،

گیانی خۆی

لە ئازاری قورسی قەرزێکی گەزۆک

ئازاد دیتەوە:

"- دیارە خۆی نەیدەویست، دەنا دەیتوانی!"

ئاسمانی کورت

بە قورسی

کەوتە سەر

ئاوازی ڕوو لە خەمۆشیی برین

ئازیەتباران

بە گردە خاکینەکەدا هەڵگەڕان و

هەتاو و مانگ

لێک

هەڵئەنگووتن.

ئەنوەر سوڵتانی

٢٠١٥/٣/٢٠